**ڕێفراندۆمێکی گچکه - هەنگاوێکی مەزن ... دکتۆر ڕێبوار فەتاح**

کۆمیتەی باڵای ڕێفراندۆم بۆ کوردستان له بەریتانیادا، شەممەی 29 نۆڤەمبەری 2003 کۆڕێکیان بۆ دکتور کەمال میراودەلی و من ڕێکخست. گوتارەکەی من ناوی " کۆماری کوردستان له ڕێفراندۆم"ەوه بوو. کۆڕەکه نزیکەی 3 ساتێکی خایاند و نزیکەی 80 کەسێک ئامادە بوون. خاتوو لاجان کۆڕەکەی بەڕێوه برد. گفتووگۆیەکی گەرموگوڕ له بارێکی دیموکراتیدا پیادەکرا. ئەز لێرەدا تەنیا یەک چالاکی ئەو کۆڕه دەنووسمەوە. بەشێک له گووتارەکەی من، لەسەر داوای کۆمیتەکه، ناساندی پرۆسەی ریفرۆندەم بوو به بەشداران. بۆ پێکانی ئەم ئامانجە، منیش بڕیارم دا ڕێفراندۆمێکی گچکه، وەک بەشێک له کۆڕەکه، پیادە بکەم. فۆڕمێکی ریفراندۆمم ئامادە کرد. ڕێفراندۆمی گچکه، به سەرپەرشتی لیژنەیەکی هەڵبژێردراو له بەشدارانی کۆڕەکه، به ئەنجام گەیەندرا. هەر یەک له ئامادەبوون فۆڕمێکی پێدرا تا دەنگی خۆی تۆمار بکا. هەمووومان دەنگمان دا. 72 کەس بەشداریان کرد. تەنیا یەک دەنگ بۆ عێراق درا؛ ئەوانی تر گشتی بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ بوون؛ 6 دەنگیش خەوشدار بوون، نەژمێردران. هەرچەندە ئەمە ریفراندۆمێکی گچکه بوو، بەڵام بایەخی مێژووی خۆیی هەیە. جا بۆیە پێشنیار دەکەم، بۆ کۆمیتەکانی ڕێفراندۆمیٚ کوردستان و تاراوگه، که بکەونە پیادەکردنی بیرۆکەی ریفراندۆم له هەر ئاستێکدا که دەتوانن. هەموویان گەر کۆبکرێنەوە فاکتەرێکی گرنگ دەبن له پەرەپێدانی کێشەی کورددا. دواتریش ئەم ئەزموونانە کۆدەکرێنەوە بۆ ریفراندۆمی مەزن. لێرەدا فۆڕمەکەی که له لەندەن بەکارهێنرا بڵاودەکەمەوە، بەو هیوایەی که ببێتە بەردێکی بناغەی ڕێفرۆندەم له سەرتاسەری کوردستاندا. فۆڕمەکه تایبەته به باشوور، بەڵام دەکریٚ بگونجێنرێت بۆ کوردستانی سەراسەر یان پارچەکانی تر. هەڵبەت پێشنیاری بنیاتنەر هەردەم مایەی پێشکەوتنه. **ریفراندەم بۆ کوردستانێکی سەربەخۆ – لەندەن، 29 نۆڤەمبەری** 2003

**لەو شوێنە دابنیٚ که دەخوازیت. ✓تەنیا یەک نیشانەی**

Rebwar Fatah، Republic of Kurdistan via referendum – London meeting 29 Nov 03 – rebwar@ikurd. com